یەکتر نەخوێندنەوە لە پێناوی یەکتر نەخوێندنەوە

حەمە عەباس

لە ئەدەبدا، کەس ئەوی دی ناسرێتەوە، بەڵام کاری جوانی هەرکەسێک وەک ئەزموون سوود بە خۆی و ئەوانی دیکەش دەگەیەنێ، ئەگەر ئەوەی گوتم ڕاست بێ، دەبێ ستایشی هەموو کارێکی جوانی ئەدەبی بکەین، بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ پێوانەیەکی داسەپاو.

خوێنەری جددی کە کارێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە، هەقی بەسەر ئەوەوە نییە تەمەنی نووسەرەکەی چەندە، سەر بە کام ڕێبازە و ئاراستەیە، خەڵکی کوێیەو لەکوێ دەژی، تەنانەت ئەگەر ئەزموندار بێ، کاری باش، یان کارە کرچوکاڵەکانی پێشووش لەبەرچاو ناگرێ، ئەوەی خوێنەری جددی لە نووسەری دەوێت، تەنیا کاری جوانەو هیچیدی. ئەگەر تۆی خوێنەری ئەم چەند دێرە تا ئێرە لەگەڵ من هاوڕای با بەیەکەوە بپرسین:

– بۆچی نەوەکان لەیەکتر مرۆمۆچن و زۆربەی کاتەکان یەکتریان قبووڵ نییە و کاری جوانی ئەدیبێکی لاو لای ئەدیبانی سالّمەند بەبیانووی کەم ئەزموونییەوە لە بایەخی خۆی دادەماڵرێ، لەکاتێکدا چەندان کاری ئەدیبانی سالّمەند هەن بەکەڵکی خوێندنەوە نایەن، لەبەرانبەریشدا زۆرێک لە ئەدیبە لاوەکان پێیان وایە ئەم، یان ئەو ئەدیبی سالّمەند بەهۆی تەمەنەوە هیچی پێ نەماوە و ئیتر باشترە نەنووسێ، لەکاتێکدا زۆر لە ئەدیبانی جیهان و کوردیش لە دوادواییەکانی تەمەنیان داهێنانی گەورەیان کردووە.

– بۆچی بەشێک لە ئەدیبانی ئەم شار و ئەو دەڤەر پێیانوایە چەقی داهێنان لای ئەوانە؟ خۆ ئەدەب جۆرێک لە ڕووەک نییە، تا لە خاک و ئاووهەوایەکدا گەشە بکات و لە شوێنێکی دیکە نا، ئەدەب وەرگرتن و دانەوەیە، دەکرێ لە هەموو شوێنێک پەراوە بکرێ.

– بۆچی زۆربەمان دەتوانین ناوی دەیان و سەدان ئەدیبی جوانnووسی جیهانی ڕیزبکەین، بەڵام ناتوانین شتێکی وەها سەبارەت بە ئەدیبانی کورد بکەین، لەکاتێکدا لە نزیکی هەر یەکێکمانەوە چەندان ئەدیبی باش هەن کە ڕەنگە سوودیشمان لە کارەکانیان وەرگرتبێ.